# له ساڵوه‌گه‌ڕی سه‌رکوتی کۆبوونه‌وه‌ی ژنان له مه‌یدانی ۷ی تیر، ۷۰۰پارێزه‌ر ئاگاداریان له سه‌ر سه‌رکوتی ژنان له ئیران ڕاگه‌یاند



۷۰۰ کەس لە پارێزەرانی مافی بەرانبەریی ژن و پیاو بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیێندراویك، سەبارەت بە توندوتیژی لە دژی ژنان ڕیانگەیاند کە درێژەپێدانی ئەو ڕەوشەو وەلانەنرانی یاسایی جیاوازی نەتەنیا ژیانی ژنان بەڵکو حەیاتی هەمووکۆمەڵگە تووشی بێ ڕێگەیی دەکات. ئەو ڕاگەیێندراوە بە بۆنەی هاتنی ۲۲ی جۆزەردان، ڕۆژی یەکگرتنی ژنان، بڵاوبۆوە. لە ڕۆژی ۲۲ی جۆزەردان ساڵی ڕابردوو، تێکۆشەرانی مافی ژنان بەوەڕێ خستنی کۆبوونەوەی ئاشتیخوازانە لە مەیدانی ۷ی تیری تاران ، سەبارەت بە یاسایی جیاوازدانان نارەزایەتیان دەربڕی. بەڵام ئەو کۆبوونەوە بە دەستێوەردانی بەربڵاوی هێزی ئینتزامی و ئەمنییەتی تێك دراو لەو ڕوداوەدا دەیان کەس گیران. لەو ڕاگەیێندراوەدا هاتووە کە کۆبوونەوەی ژنان لە مەیدانی ۷ی تیری تاران بە بۆنەی ساڵوەگەری کۆبوونەوەی ژنان لە بەرانبەر زانستگای تاران لە ۲۲ی جۆزەردانی ۱۳۸٤بە هاوڕێی و هیمەتی جوڵانەوەی دانشجویی و باقی هەڵسوڕاوانی جوڵانەوەی مەدەنی وەکو حەرەکەتە سەندیکاییەکان نەتەنیا لەمپەرەکانی وەلانا، بەڵکو باسی مافی بەرانبەری ژنانی بەشێوەییێکی بەربڵاوتر لەپێشوو لە کۆمەڵگەدا هێنایە ئاراوە. واژۆگەرانی ئەو ڕاگەیێندراوە بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئەو دەستکەوتە مەزنانە، ئاکامی خراپی بۆ هێندێك تێکۆشەری ماف خوازی جوڵانەوەی ژنان بە دواوە بووە، زیادیان کرد کە گرتنی بەر بڵاوی ژنان بەبیانوی موبارزە لەگەڵ دانەپۆشراوی، باسی گرتنی ژنانی لە بازنەی هەڵسوڕاوانی ژنانن نە بەشێك لە ژنانی کۆمەڵگە دەرهێناوە. زۆرێك لە ژنانی ئێرانی و کوردستانی تەنیا بەهۆی جیاوازی سەلیقە لە جۆری لە بەرکردنی جل و بەرگی خۆیان دا سەبارەت بە پێوانەکانی تایبەتی هێندێك لە لێپرسراوان، ئەمڕۆدەکەونە بەر پەلاماری هێزی ئینتزامی. لە ڕۆژی ۲۲ی جۆزەردانی ساڵی ڕابردوو تێکۆشەرانی مافی ژنان بەوەڕێ خستنی کۆبونەوەی ئاشتی خوازانە لەمەیدانی ۷ی تیری تاران، سەبارەت بەجیاوازی دانان نارەزایەتیان دەربڕی. بە باوەڕی ۷۰۰ واژۆگەری ئەو ڕاگەیێندراوە، واپێ دەچێ ئامانج لەوەها ڕەفتارێکی توند،بۆ ترساندنی ژنانە. یانی خانە نشین کردنی ژنان و پیادەکردنی هەل و مەرجی سەرکوتی زیاتر. لەو نێوەدا واژۆگەران وریاییان داوە بەجوڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئیشارەیان بە هەڵسوکەوتی هێزەکانی رژیم لەگەڵ دانشجویان و هەروەها لە زۆربەی دانشگەکان و موعلیمان و کرێکاران کردوە. واژۆگەرانی ڕاگەیێندراوەکە نوسیویانە کە لە لاییکی دیکەوە واپێ دەچێ بەجێگەی بەرانبەری مافەکان، بەرانبەری لە هەڵسوکەوتی ئەمنیەتی لەنێوان ژنان و پیاوان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە پێوشوێن بگیردرێ. جێگەی باسە ئەمەی کەئیشارەی پێ کراوە بەشێکە لە ڕاگەیێندراوی ۷۰۰ کەس لە هەڵسوڕاوانی مافی ژنان.

# وەڵامی کۆمەڵگەی جیهانی بەسەرپێچەکانی ڕژیمی ئێران



وەزیرانی دەرەوەی ۸ وڵاتە پیشەسازیەکەی جیهان لە شاری پۆتسدامی ئەڵمان کۆبونەوە. هاوکات ڕۆژی چوار شەممە۹ی جۆزەردان لە ڕاگەیینداروێکدا وریاییان دا کە ئەگەر ڕژیمی ئێران خواستی شورای ئەمنیەت لەبەر چاونەگرێ و درێژە بەسەرپێچی بدات ئەوە پشتیوانی لە دەرکردنی بڕیارنامەی ٥١٧٤٧ دەکەن. هەواڵدەری فەڕانسە ڕاپۆرتی دا کە لە سەرودەمی ووتوویژی لاریجانی خاویەر سولانا سەرۆکی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی ئوروپا لە مادرید و چەند سەعات بەر لەوەی کە عەلی لاریجانی گوتی: ڕاگرتنی پاڵاوتەکردنی ئۆرانیۆم بابەتێك نیە بۆ چارەسەری کیشە، ئەو ڕاگەیێندراوە دەرچوو. جیاواز لە ڕاگەیێندراوی وەزیرانی دەرەوەی جی ۸، وەزیرانی دەرەوەی ٤٣ وڵاتی ئوروپاو ئاسیا (ئاسم) کە لە شاری هامبورگ ئاڵمان کۆبونەوە ڕۆژی ۸ی جۆزەردان لە کۆتایی کۆبونەوەی خۆیاندا بەدەرکردنی ڕاگەیێندراوێك، داوایان لە ڕژیم کرد کە پاڵاوتە کردنی ئۆرانیۆم ڕابگرێ و لەگەڵ پشکێنەرانی ناوەند هاوکاری بکا و مل بدا بەخواستی سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان. وەزیرانی دەرەوەی (ئاسم) هەروەها سەبارەت بە ڕاپۆرتی محمد البرادعی سەرۆکی ناوەند لە بارەی پێداگرتنی ڕژیمی ئاخوندی لەسەر درێژەدان بە تێکۆشانە ئەتۆمیەکانی و دەست گەیشتنی بە چەکی ناوکەیی، نیگەرانیان دەربڕی. تۆنی بلێریش کە ڕۆژی ۹ی جۆزەردان چوبوە لیبی، گوتی: ڕژیمی ئێران ئەبێ لە هەنگاوی لیبی و گۆڕینی سیاسەتی ڕۆژئاوا لە بەرانبەریدا دەرس وەربگرێ. لە لاییکی دیکەوە کۆندالیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕۆژی ۹ی جۆزەردان لە سەفەریدا بۆ بەرلین بۆ بەشداری کردنی لە کۆبونەوەی جی ۸ گوتی: ئەمریکا لە بارەی ڕاگرتنی بە پەلەی پاڵاوتە کردنی ئۆرانیۆم و باقی تێکۆشانە هەستیارەکانی دیکەی ڕژیمی ئێران تەئکید دەکاتەوە. رایس پێشنیاری بەرادعی لە بارەی قبوڵ کردنی ڕادەییك بۆ پاڵاوتەکردنی ئۆرانیۆم لە لایەن ڕژیمی ئێرانەوەی ڕەدکردەوە. رایس بە پێداگرتنەوە گوتی: مەسئەلەی سەرەکی لێرەدایە کە ناوەندی وزەی ئەتۆمی دامەزراوەییك نیە کە لەلایەنی ووت وێژەکان بێ لە گەڵ ڕژیمی ئێران بەڵکو ئێستا لایەنی وتوووێژ لەگەڵ ئێران شورای ئەمنیەتە کە بڕیارنامەی ۱۷٤۷ی لە دژی ڕژیمی ئێران دەرکردوە. باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق، ڕایان کراکریش ڕۆژی ۸ی جۆزەردان گوتی: ئەمریکا هەوڵ ئەدات کە لە شورای ئەمنیەت ئابڵوقەی چڕتر لە دژی ئێران پیادە بکات. ڕۆژێك بەر لەوەش جێگری وەزیری دەرەوەی ڕوسیە داوای لە ڕژیم کرد بوو مل بدابە ویستەکانی کۆمەڵگای جیهان. ئەشتاین مایرز، وەزیری دەرەوەی ئەڵمان کە وڵاتەکەی سەرۆکی دەرەوەیی یەکیەتی ئوروپایە، لە سەر زیاتر کردنی فشار لە سەر ڕژیم بەهۆی سەرپێچی کردنیەوە تەئکیدی کرد و گوتی: بۆ جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ڕێگە هەرئەوەیە فشاری زیاتر بخرێتە سەر ڕژیم. لەو پێوەندیەدا ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆست ڕۆژی ۷ی جۆزەردان نووسی: ڕژیمی ئێران ڕێگەیێکی گرتۆتە بەر کەتا هاوین دەگاتە ئامانجی خۆی واتە دانانی ۳هەزار سانتریفوژ. ئەگەر ڕژیم هەروا بڕواتە پێش لە ماوەی یەك ساڵی داهاتوودا دەستی دەگاتە بۆمبی ئەتۆم. واشنگتۆن پۆست لە درێژەدا لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە کارە جۆراو جۆرەکان لە بارەی پڕۆژەی ئەتۆمی ئاخوندەکان نوسی: هیچ ڕێگە چارەییێك بێجگە لە گەڕانەوە بۆ شورای ئەمنیەت و جێ بەجێ کردنی بڕیارنامە دەرکراوەکان لە دژی ڕژیمی ئێران نیە بەتایبەت ئەو ڕژیمە کە بەفشاری ئابوری پشتی دەچەمێ.

***

# سۆسیالیستەکانی فەرانسە ڕەخنەیان لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران گرت

حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە، بە بڵاوکردنەوەی ڕگەیێندراوێك، ڕەخنەی لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران گرت، یەکێك لە لێپرسراوانی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە لە بارەی ڕەخنەی ئەو حیزبە لە بارەی پێخوست کردنی مافی مرۆڤ لە ئیران بە ڕادوێ فەردای گوت: حیزبی سوسیالیستی فەرانسە پشتیوانی سەرەکی ئازادیە سیاسیەکانی خەڵکی ئیران بووە و دیفاع لە مافی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان لە هەرجێگاییێك بێ لە پێشەوەی کارەکانیانە و وە بەوهۆیەوە سەبارەت بە مەسائلی مافی مرۆڤ لە ئیران هەستیارن. لە بارەی زیاد بوونی سەرکوت لە لایەن کابینەی پاسدار ئەحمەدی نژاد سەبارەت بە جوڵانەوەی دانشجویی و کریکاری و مافی ژنان، حیزبی سوسیالیستی فەرانسە لەسەر ئەو باوەرەیە کە لە دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد لە ئیران، بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی ڕەو خراپە ڕۆیشتووە. سیاسەتی هەڵەی ڕژیمی تاران لە بارەی پەروەندەی ناوکەیی، کە گۆشەگیرکردنی ئەو وڵاتەی بە دوادا هاتووە، لێپرسراوانی ڕژیمی ئیرانی خستۆتە هەل و مەرجێك کە ئەوان لە بچوکترین جووڵەی خەڵکی ئیران گومانیان هەبێ و بە ترسەوە لەگەڵ ڕوداوەکان موعامەلە بکەن. حیزبی سوسیالیستی پێداگری کرد کە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی پێوەند بە ڕەفتاری توند لەگەڵ هەلسوڕاوانی خوێندکاری، کرێکاری مافی ژنان و هەروەها مامۆستایانی زانستگاو رۆژنامە نووسان لە ئیران و هەروەها لێدانی ژنان لە شوێنی گشتیدا، بۆ ویژدانە ئاگا و دیمکراتەکان لە سەرانسەری جیهان قەبووڵ ناکرێت.یەکێك لە ئەندامانی حیزبی سوسیالیست لە وەڵامی پرسیارێکدا کە فشارەکانی سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکان و حیزبە سیاسی و سینفیەکان لە سەرانسەری جیهان تا چ ڕادەییێك دەتوانێ بۆ باشتر کردنی بارودۆخی مافی مرۆڤ کاریگەری دابنێت،ناوبراو ڕایگەیاند: لە قۆناغی یەکەم دا ئەوەپێك هاتەکانی ئیرانن کە دەتوانن لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیاربدەن و وەزعیان بگۆڕن.

# سەرژمێری بێهداشتی جیهانی لەمەڕ ساغی و سلامەتی و تەمەنی خەڵك لە ئێران و جیهان

ڕۆژی هەینی ۳ی جۆزەردان سازمانی بێهداشتی جیهانی ڕاپۆرتی سەرژمێری خۆی لە بارودۆخی بێهداشت، ساغی و مام ناوەندی تەمەن لە ۹۳وەڵاتی جیهان یەك لەوان ئیران بڵاوکردەوە. لەو ڕاپۆرتە دا هاتوە ئەگەر دەتانهەوێ تەمەنێکی درێژتان هەبێ، بەقازانجتانە کە کچتان هەبێت. ئەو ئامارە بەپێی زانیاری ساڵی ۲۰۰۵ پێش کەش کراوە کە بەدوایین زانیاری دێتە ئەژمار. بناغەی سەرژمێری سازمانی بێهداشتی جیهانی وەڵاتی سان مارینۆ جێگەی بەتەمنترین پیاوە و سیرالئۆنیش کورتترین. لەو نێوەدا شانسی ژنان بۆ ژیان باشترە لە پیاوان. لە ژاپۆن و ۳۰وەڵاتی دیکەی جیهان مام ناوەندی تەمەنی مردن لە نێو ژنانی ۸۰ساڵ، زیاترە لە پیاوانی سان مارینۆ. ژنانی ژاپۆنی هەروەها بە ۸٦ساڵ تەمەنی مام ناوەندی ، لە سەرەوەی خشتەی سازمانی بێهداشتی جیهانین و ژنانی وەڵاتی سوازیلند بە ۳۷ساڵ لە خوارترین پلەدان. ژمارەییکی دیکە لە وەڵاتان وەکو ئوستراڵیا و ایسلند و سوئێد و سویس و کانادا و ئیسرائیل و مۆناکۆ تەمەنیان مام ناوندیە. لە ئەمریکا کە خاوەنی پلەی ۳۳یە، بە شێوەی مام ناوەندی پیاوەکان ۷۵ ساڵ تەمەن دەکەن و ژنانەکانیش ۸۰ ساڵ. لە ئیران بە پێی ئەو سەرژمێریە مام ناوەندی تەمەنی پیاوان ٦٨ ساڵە و نێونجی تەمەنی ژنان ۷۳ ساڵ. لەشی ساغ بۆ پیاوان تا ٥٦ ساڵە و ژنانیش تا ٥۹ ساڵ سود لە ژیانی سالم دەبینن. بە پێی ئامارەکانی سازمانی بێهداشتی جیهانی ئەگەر مردن لە نێوان ۱٥تا ٦۰ساڵی بۆ ژنانی ئیران، ۱۱لە سەدەو لە بەرانبەردا ۱۸لە سەد بۆ پیاوان. لە هەر ۱۰۰۰منداڵی ژێر ٥ساڵ، ۳٦کەسیان دەمری و لە هەر ۱۰۰۰منداڵی تازە بوو ۳۱منداڵ دەمرێ.بە پێی ئەوڕاپۆرتە ژمارەی مردن بە هۆی نەخۆشی ئێدز لە ئیران دوو نەفەر لەسەد کەسە. لە بەرانبەر دا بۆ ۱۱۰۰نەخۆش یەك دوکتر هەیە و بۆ هەر ۱۰هەزار کەس ۱۷تەختی بیمارستان دابین کراوە. زۆرێك لە گەورە ساڵانی ئێرانی خوێندەوارن. نزیك ۸۹ لەسەدی منالان دەچنە بەر خوێندن و نزیك ٥ لەسەدی جەماوەر لە ئنترنێت کەڵك وەردەگرن. بەپێی ئاماری بێهداشتی جیهانی کۆی خەڵکی ئیران ٦۹ملیون ٥۱٥ هەزار کەسە و لە ساڵدا ۱/۱خەڵکی ئەو وەڵاتە زیاد دەکات.

***